# هەڵسەنگاندنی ئاستی شارەزایی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لە بواری ژیریی دەستکرددا: توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر

**هێمن ئەمین جەلال شوانی[1]، کاروان مەسعود[2]**

[1]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان-هەولێر، کوردستان، عێراق

[2]بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ژیریی دەستکرد (AI) گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بواری میدیاییدا دروستکردووە، هەر لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و دروستکردنی ناوەڕۆک تا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرزکردنەوەی کارایی لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا. ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی "هەڵسەنگاندنی ئاستی شارەزایی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لە بواری ژیریی دەستکرددا: توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر"ە، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئاستی شارەزایی و بەکارهێنانی کرداری و تێڕوانینی ڕەخنەیی میدیاکاران بەرامبەر (AI) لە شاری هەولێر ئەنجامدرا. توێژینەوەکە میتۆدی ڕووپێویی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە تەواوی میدیاکارانی دامەزراوە میدیاییەکانی هەولێر و، نموونەی توێژینەوەکەش بریتیە لە (55) میدیاکار، داتاکانیش بەهۆی پرسیارنامەوە کۆکرایەوە و، دواتریش بە بەرنامەی (SPSS) و بە بەکارهێنانی ئاماری وەسفی و شیکردنەوەی (ANOVA) شیکار کرا. لە ئەنجامدا دەرکەوت ئاستی شارەزایی گشتیی میدیاکاران مامناوەندە، بەڵام خواستی زۆریان بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی شارەزایی هەیە، هەروەک زۆرینەیان (AI) بە دەرفەت دەزانن نەک هەڕەشە، بەڵام بەکارهێنانی (AI) بەشێوەیەکی کرداری هێشتا لە ئاستێکی مامناوەند بۆ خوار مامناوەندایە، بەتایبەت لە بوارەکانی وەرگێڕان و پوختکردنەوەدا، هەروەک نیگەرانییەکی زۆر لەبارەی "دیپفەیک" لە ڕێگەی (AI) ـەوە هەیە، جگە لەوەش ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن دامەزراوە میدیاییەکان کەمترین ڕێنمایی ڕوونیان بۆ بەکارهێنانی (AI) هەیە. لە خاڵێکی دیکەی ئەنجامەکان دەرکەوتووە گرووپی تەمەنی ئەو میدیاکارانەی دەکەوێتە نێوان (27-36) ساڵ و کاردانەوەی باشتریان لەگەڵ (AI) بەراورد بە گروپەکانی دیکە هەیە، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە (AI) ناتوانێ شوێنی میدیاکارانی پرۆفیشناڵ بگرێتەوە، بەڵکو دەرفەتە بۆ باشترکردنی کارەکان، ئەوەش دەرکەوتووە (AI) هێشتا لە وەرگێڕانی زمانی کوردیدا لاوازە.

**کلیلە وشەکان :** ژیریی دەستکرد، میدیا، میدیای دیجیتاڵی، میدیای کوردی، هەرێمی کوردستان.

## 1. پێشەکی

پێشکەوتنە خێراکانی زیرەکیی دەستکرد (AI) لەم سەردەمەدا؛ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سەرجەم بوارەکاندا هێناوەتە ئاراوە، بواری میدیاش بەدەر نییە لەم شۆڕشە تەکنەلۆژییە، چونکە (AI) گۆڕانکاری بەرچاوی لە چۆنیەتیی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و کارلێکی لەگەڵ ناوەڕۆکی دیجیتاڵیدا دروستکردوە، بە ئۆتۆماتیککردنی ئەرکەکانی وەک نووسینی هەواڵ، دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و وێنە، شیکردنەوەی داتا زۆرەکان، بەئامانجکردنی بینەر و بەرزکردنەوەی کارایی و کوالیتیی بەرهەمە میدیاییەکان و خێرایی و وردیی ڕاپۆرتکردنیشی باشتر کردووە، بەڵکو دەرفەتی نوێی بۆ وەرگێڕانی ناوەڕۆک، چاودێریکردنی سۆشیال میدیا و پێشنیازکردنی هەواڵی کەسی ڕەخساندووە.

لەگەڵ ئەم دەرفەتە زۆرانەشدا (AI) چەندین نیگەرانی و ئاڵنگاریی نوێی هێناوەتە ئاراوە، بە تایبەت لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی کلاسیکی و پرسیارکردن لەبارەی توانای جێگرتنەوەی مرۆڤ لە پیشەی ڕۆژنامەنوسیدا. لایەنە ئەخلاقییەکانی وەک

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 9، العدد 2 (2025).
أُستلم البحث في 16 أيلول 2025؛ قُبل في 28 تشرين الثاني 2025
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 كانون الأول 2025
البريد الإلكتروني للمؤلف: hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2025 هێمن ئەمین جەلال شوانی، کاروان مەسعود. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp112-123

هەواڵی ساختە(Fake News) ، تەکنەلۆژیای دیپفەیک(Deepfake) و، لایەنگریی ئەلگۆریتمەکان(Algorithmic Bias) ، بوونەتە مشتومڕی گەرمی جیهانی و پێویستی بە تێگەیشتن و ڕێکخستنی ورد هەیە.

لە هەرێمی کوردستان، کارکردن بە (AI) لە میدیادا هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدایە. سەرەڕای زیادبوونی ئامرازەکانی (AI) و بەردەستبوونی زانیاری، بەڵام دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن هێشتا بۆشاییەک لە ئاستی شارەزایی گشتی، بەکارهێنانی کرداریی و هەبوونی ڕێنمایی و یاسا ناوخۆییەکاندا هەیە، چونکە زۆرێک لە دامەزراوە میدیاییەکان هێشتا ژێرخان و سەرچاوە و شارەزایی پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی (AI) بە تەواوەتی نیە، هەرچەندە میدیاکاران خۆیان بە گشتی (AI) بە دەرفەتێکی گەورە دەزانن و خواستی زۆریان بۆ فێربوون و پەرەپێدانی شارەزاییەکانیان هەیە.

بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی ئایە ئاستی شارەزایی گشتیی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لە بواری زیرەکی دەستکرد (AI) چەندە و تا چەند دەتوانن چەمکەکانی (AI) جیا بکەنەوە؟ هەروەک زیرەکی دەستکرد (AI) چۆن بە شێوەیەکی کرداری لە کارە میدیاییەکانی میدیاکارانی هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت و دیارترین بوارەکانی بەکارهێنانی کامانەن؟

سەبارەت بە گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیەن کە دەتوانێت بۆشاییەک لە ئەدەبیاتی زانستی کوردی و ناوچەییدا پڕ بکاتەوە، هەروەک لە ڕووی پراکتیکیەوە گرنگیەکەی لەوەدایە ئەنجامەکانی دەتوانن وەک ڕێبەرێک خزمەت بە دامەزراوە میدیاییەکان بکەن لە داڕشتنی ستراتیژی و ڕێنمایی ڕوون بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی (AI)، ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە: زانینی ئاستی شارەزایی و تێگەیشتنی گشتیی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لە چەمک و بنەماکانی زیرەکی دەستکرد (AI) و، ئاشنابوون بە ڕادەی بەکارهێنان و بوارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لە کارە ڕۆژنامەوانی و میدیاییەکانی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، لەگەل هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاری و تێڕوانینی ڕەخنەیی میدیاکاران لەبارەی لایەنە ئیتیکی و ئالنگارییەکانی وەک هەواڵی ساختە، دیپفەیک و لایەنگریی ئەلگۆریتمەکان لە بەکارهێنانی (AI) لە میدیادا.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی ڕووپێویی کۆمەڵایەتی(Survey Research-ـە، کە بە شێوازێکی کوانتێتیڤ (Quantitative Approach) داتا کۆکرانەوە وشیکرانەوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە تەواوی میدیاکارانی دامەزراوە میدیاییەکانی شاری هەولێر، جۆری نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە نموونەی مەبەستدار، بۆ ئەو مەبەستەش (55) میدیاکار لە سەنتەری شاری هەولێر وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون .

زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، هەڵگری بەکالۆریۆسن بە ڕێژەی (54.5%)، هەروەها ئاستی دبلۆم (18.2%) و ماستەر (12.7%) پلەکانی دواتر دەگرنەوە، ئەمەش ئاستێکی بەرزی خوێندەواری لەنێو ئەم یەکانەدا، سەبارەت بە جۆری ئەو دامەزراوە میدیاییەی کاری تێ دەکەن، دەرکەوتووە میدیای بینراو (تەلەفزیۆن) بە ڕێژەی ( 63.6% ) هاتووە، پاشان ئەوانەی لە میدیای دیجیتاڵی کاردەکەن بە ڕێژەی (25.5%)، پەیوەست بە تەمەنی یەکەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زۆرینەی میدیاکاران لە گرووپی تەمەنی (46-37) دان بە ڕێژەی (45.5%) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێکی بەرچاو لەم میدیاکارانە لە قۆناغی تەمەنی ناوەڕاستدان، لە کۆتاییدا، بە پشتبەستن بە ئەزموونی کاریی میدیا هەردوو گرووپی ئەوانەی ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان (12-7) ساڵ و (24-19) ساڵدایە بۆ هەریەکێکیان بە ڕێژەی (27.3% ) هاتووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کۆمەڵێک میدیاکاری خاوەن ئەزموونی مامناوەند و هەروەها ئەزموونی درێژتر لەم بوارەدا لە نمونەکەدا هەن، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەزموونێکی مامناوەند بۆ بەرز لەنێو یەکەکانی توێژینەوەکە دا.

لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتاکان بریتیبوو لە پرسیارنامە، کە چەند بەشێکی سەرەکی لەخۆگرتووە، جگە لە زانیاری دیمۆگرافی و پیشەیی میدیاکاران، زۆربەی پرسیارەکانی دیکە بە پێوانەی (Likert Scale) داڕێژرابوون بۆ هەڵسەنگاندنی وەڵامی یەکەکانی توێژینەوەکە. بۆ شیکردنەوەی داتاکان، بەرنامەی ئاماری (SPSS) بەکارهاتووە.

## 2. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

سەردەمی دیجیتاڵی شایەتی خێرابوونی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیایە، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و بەکارهێنانی زانیاریکاندا هێناوەتە ئاراوە. ژیریی دەستکرد یەکێکە لە داهێنانە تەکنیکییە دیارەکان، کە کاریگەری زۆری لەسەر کەرت و بوارە جیاوازەکان دروست کردوە، لەوانەش میدیای دیجیتاڵی، چونکە دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە شیکاری داتا و درووستکردنی ناوەڕۆک و باشترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەر بگێڕێت، لێرەدا ئەم بابەتە ڕونتر تاوتوێ دەکەین.

### 2.1 دەرکەوتنی ژیریی دەستکرد و ڕەنگدانەوەی لە میدیای دیجیتاڵیدا

ژیریی دەستکرد(Artificial Intelligence - AI) ، کە گرنگی بە پەرەپێدانی سیستەم و سۆفتویرەکان دەدات؛ توانای هاوشێوەکردنی ژیریی مرۆڤیان هەیە، هەر لە پرۆسەی فێربوون بەتایبەت فێربوونی ئامێری (Machine Learning) و، بڕیاردان، تا چارەسەرکردنی کێشەکان و پرۆسێسکردنی زمانی سروشتی لەخۆدەگرێت، کە ڕێگە بە (Computer Vision) دەدات ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێویستیان بە ژیریی مرۆڤ هەیە Massoudi) et al., 2024) لە بنەڕەتدا ژیریی دەستکرد لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و بەتایبەت لە ماوەی ساڵانی پەنجاکان (1956) سەدەی ڕابردوو دەرکەوت و، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا گرنگیەکی زۆری پێدرا، ئەوەش وایکرد گەشەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ، چونکە زیادبوونی هێزی کۆمپیوتەر و بەردەستبوونی بڕێکی زۆر لە داتا (Big Data) بەشداربووە لە باشترکردنی کارایی سیستمی ژیریی دەستکرد. لە چوارچێوەی میدیادا، ژیریی دەستکرد گۆڕانکارییەکی پارادایمی لە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زانیاریدا هێناوەتە ئاراوە، لە بنەڕەتدا سوود وەرگرتن لە ژیریی دەستکرد بۆ کاروباری میدیایی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەیەکی تاقیگەی زانکۆی نۆرس وێستەرن بەناوی(science Narrative ) ، پرۆژەکە ئەلگۆریتمێک بە ناوی (Stats Monkey) پەرە پێدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی داتای وەرزشی بکاتە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، هەربۆیە سەرەتای ژیریی دەستکرد لە بواری ڕۆژنامەگەری و میدیادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2010)، کاتێک کۆمپانیای (Sicience Nararative) ئەمریکی، کە لەلایەن هەریەک لە (لاری بیرنبام،

ستوارت فرانکڵ، نیک بێڵ و کریس هامۆند) دامەزرا، بەرنامەیەکی داهێنەرانەیان پەرەپێدا، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ڕاپۆرتی هەواڵ بە تەواوی وەک مرۆڤ بنووسێت، دواتریش لەلایەن چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و تۆڕی ڕادیۆییەوە بەکارهێنرا Stats Monkey , 2010).

ئەو پڕۆژەیە بووە هەنگاوێکی گرنگ، لەو کاتەوە دامەزراوە میدیاییەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەواڵ دروست بکەن و ڕەوت و ئاراستەی بینەر شی بکەنەوە و باشتر لێی تێبگەن، چونکە (AI) ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەڕێوەبردن و شیکردنەوەی داتا گەورەکان، هەروەک یارمەتی دامەزراوە میدیاییەکان و میدیاکاران دەدات بەشێوەیەکی وردتر و ئامانجدار تر کارەکانیان ڕاپی بکەن (Massoudi et al., 2025)، جگە لەوەش تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد بەشداری لە پەرەپێدانی میدیای دیجیتاڵی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی کارلێک لە نێوان بەکارهێنەران و ناوەڕۆکی میدیا کردوە، ئەوەش لە ڕێگەی ئامرازەکانی وەک وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ، نووسینی هەواڵ، گۆڕینی دەقەکان بۆ ڤیدیۆ، دۆزینەوەی ناوەڕۆکی ساختە، ناسینەوەی دەنگ و وێنە و، شیکردنەوەی هەست و خولیایی بەکارهێنەر لە سۆشیال میدیادا، هەربۆیە دامەزراوە میدیاییەکان بەردەوام کار لەسەر پڕۆژەی تەکنیکی پێشکەوتوو بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی هەواڵ و نووسینی چیرۆک و هەواڵ دەکەن، وەک ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی کە ئێستا چەمکی ڕۆژنامەگەری ئۆتۆماتیکی پەرەپێداوە و، چەندی دامەزراوەی میدیایی دیکەی جیهانیی لەو چوارچێوەیەدا کارەکانیان زیاتر چڕ کردۆتەوە (عبد الحمید، 2022، 22). هاوکات (AI) یارمەتی باشترکردنی کوالیتی ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان دەدات، هەربۆیە دامەزراوە میدیاییەکانی توانیویانە بە شێوەی جۆراوجۆر سوود لە ڕۆڵی ژیریی دەستکرد وەربگرن بۆ باشترکردنی کاروبارە میدیاییەکان و، گەیاندنی زانیاری بە کواڵیتیەکی باشتر بە بەکارهێنەرانی میدیای دیجیتاڵی، لەلایەکی دیکەشەوە لە بواری دارایی و سەرچاوەی مرۆیی و کاتەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە شێوازی کاری دامەزراوە میدیاییەکان کردوە.

### 2.2 بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە نوسین و دارشتن و دۆزینەوەی هەواڵ

ژیریی دەستکرد (AI) گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردووە، ئەوەش بە پەرەپێدانی ئەلگۆریتمەکان بەجۆرێک توانای نووسینی هەواڵیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەیە. ئەم پرۆسەیە بە (ڕۆژنامەگەری ئۆتۆماتیکی) یان (ڕۆبۆت ڕۆژنامەگەری) ناسراوە، یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەمەش سیستمی ڕۆیتەرز ترایسەر(Reuters Tracer) ە ،کە لەلایەن ئاژانسی ڕۆیتەرزەوە پەرەی پێدراوە. ئەم سیستمە ڕۆژانە زیاتر لە (12) ملیۆن تویت دەستنیشان دەکات و هەڵدەبژێرێت، پاشان شی دەکاتەوە بۆ دیاریکردن و پۆلێنکردنی بابەتەکان و هەڵسەنگاندنیان، دواتریش ئەو تویتانە دیاری دەکات شایستەیی هەواڵیبیان، هەیە، ئەمەش وایکردووە ڕۆژنامەنووسانی ئاژانسەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان بکەن و، پۆلێنیان بکەن و دواتریش کاری لەسەر بکەن(Liu, 2017) ، هەروەها ئاژانسی ئەسۆشیێتد پرێس (AP) لە ساڵی (2016) ەوە ژیریی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بەکاردەهێنێ، ئەمەش خێرایی و وردبینی لە بەرهەمهێنانی چالاکیە ڕۆژنامەوانیەکان زیاتر و باشتر کردوە، هاوکات تۆڕی (ESPN)، کە کورتکراوەی (Entertainment and Sports Programming Networkیە یەکێکە لە تۆڕە وەرزشییە پێشەنگەکانی جیهان و، لە ساڵی (1979) لەلایەن بیل ڕاسموسنەوە دامەزراوە و، کۆمەڵێک خزمەتگوزاری وەرزشی پێشکەش دەکات، ئەویش لە ساڵی (2024) ەوە خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی فراوانتر کرد و، دەستیکرد بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ نووسین و پوختکردنەوە هەواڵەکانی تۆپی پێی و وەرزشەکانی تر.(Davis, 2024 )

جگە لەوەش بەهۆی سیستمی ژیریی دەستکرد ئێستا کارئاسانی زۆر بۆ ئەو میدیاکار و ڕۆژنامەنوسانە کراوە، کە ئەزموونێکی قوڵ و دەوڵەمەندی نوسینیی هەواڵ و ڕێکخستنی زانیارییەکانیان نیە، بۆ نمونە لە(ChatGPT, DeepSeek & Jasper) میدیاکار دەتوانێ تەنها زانیارییەکان داخڵ بکات و جۆری دارشتن و شێوازەکەی دیاری بکات، لە کورترین ماوەدا هەواڵەکەی یان ڕاپۆرتە هەواڵەکەی بەشێوەیەکی پرۆفێشنالانە بۆ دادەڕێژێ.

### 2.3 دروستکردن، دەستکاریکردن و باشترکردنی کواڵیتی ڤیدیۆ و وێنە

تەکنەلۆژیایی ژیریی دەستکرد (AI) شۆڕشێکی گەورەی لە بواری دەستکاریکردنی وێنە و ڤیدیۆشدا کردووە، بە جۆرێک بەهۆیانەوە دەتوانرێ کواڵیتییان باشتر بکرێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێبسایتەکانی وەک (Media.io - Online Video, Audio, Image AI Tools)، (DeepMaker)، (Pica AI) دەتوانرێ ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی ڕوون نین، وێنەکان ڕوون بکرێن و کوالیتیان بەرز بکرێتەوە، هەروەها کوالیتی ڤیدیۆ کۆنەکان یان کەم ڕوونییەکانیش باشتر بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ لە ڕێگەیانەوە وێنەکان گەورە بکرێن و لە هەمان کاتدا کوالیتییان بپارێزرێن، لابردنی خاڵ و چاککردنی وێنە کۆن و کاڵەکان یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکان، کارەکانی ئەم جۆرە وێبسایتانە بەشێوەیەکی ئۆنلاین لەسەر بنەمای (AI) دابین دیزاین کراوە بۆ باشترکردنی کوالیتی وێنەکان ( Super resolution, 2025)، ئەم وێبسایتانە لە بوارەکانی وەک بەرهەمهێنانی فیلم، نوێکردەوەی ڤیدیۆ و وێنە کۆنەکان و باشکردنی کوالیتیەکانیان لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیادا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن، بەو جۆرە میدیا و دامەزراوە میدیاییەکان و بەکارهێنەران دەتوانن وێنە و ڤیدیۆکانیان بە ئاسانی و بەخێرایی بەرز بکەنەوە، جگە لەوەش کۆمەڵە وێبسایتێکی دیکە هەیە، کە دەتوانرێ بەهۆی ژیریی دەستکرد وێنەیان پێ دروست بکرێ، تەنیا دەبێت چەند دێڕێکی بۆ بنووسی و تایبەتمەندیەکانی ئەو شتەی لە خەیاڵت دایە بۆی باس بکەی تاوەکو لە کاتێکی کەم دا بۆتی دروست بکات، وەک ئەمانە. هاوکات لە ڕێگەی چەند وێبسایتێکی دیکە میدیاکاران دەتوانن وێنەکان بکەن بە ڤیدیۆ، بۆ نموونە ئەم وێبسایتە یەکێکە لەو وێبسایتانە (runwayml.com)، بەشێک لەم وێبسایتانە بەخۆڕایی و بەشێکیشیان لە بەرانبەر بڕێک پارە بەشداری دەکەیت و، وێنەی دڵخوازت پێشکەش دەکەن، ئەمەش ئاسانکارییەکی باشە بۆ میدیاو میدیاکاران لەدەستڕاگەیشتن بەکۆمەڵی مەتریاڵی گرنگ و پێویست بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و دەوڵەمەندکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەشێوەیەکی ئاسان، کە پێشتر وێنەی نەبووە.

### 2.4 نووسینەوەی دەنگەکان

پرۆسەی گۆڕینی قسەکردن و دەنگ بۆ دەق و نوسین، یان ئەوەی بە (نووسینەوەی

دەنگی) ناسراوە، یەکێکە لەو بوارانەی کە بەهۆی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، لەو بوارەشدا ئەلگۆریتمی پێشکەوتوو بۆ پرۆسێسکردن و شیکردنەوەی سیگناڵە دەنگییەکان بەکاردەهێنرێن بە مەبەستی گۆڕینی بۆ دەقی نووسراو بە وردبینییەکی بەرز.

بۆ نموونە لە (Google Speech-to-Text API)، کە لەسەر بنەمای مۆدێلی بنچینەیی ترانسفۆرمەر دامەزراوە و بە چەند زمانێک کاردەکات، تایبەتمەندییەکی بەرز و وردی لە نووسینی دەقەکاندا هەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە ژاوەژاویشی لەگەڵدایە دەتوانێت مامەڵە بکات و دەنگەکان شی بکاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر، هەروەها لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد میدیاکار و دامەزراوە میدیاییەکان بەئاسانی دەتوانن تۆماری دەنگی و ڤیدیۆی چاوپێکەوتنەکان بە زوترین کات بگۆڕن بۆ دەق، ئینجا چاوپێکەوتنەکان پێشتر تۆمار کرابن، یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێن، تەنانەت بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان و وتاری سەرکردەکانیش میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان دەتوانن سوود لە تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد وەربگرن و ڕاستەوخۆ قسەکان بۆ تێکست بگۆڕن، ئینجا دەتوانرێ لە شێوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی دارشتنەوەیان بۆ بکرێ. ئەمەش هۆکارێکە بۆ خێرایی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی و پاشەکەوتکردن و گەڕاندنەوەی کاتێکی زۆر بۆ دامەزراوە میدیایەکان و میدیاکاران.

### 2.5 کاروباری وەرگێڕان بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد

تەکنەلۆژیای وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد لە میدیادا بەهەمان شێوە؛ ئەوەیش گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەش پشت بە مۆدێل و پرۆسێسی زمانی سروشتی دەبەستێت بۆ وردی و خێرایی کاری وەرگێڕان ,Zidan & Massoudi) .(2025 ئەم تەکنەلۆژیایانە لە ئێستادا ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی ناوەڕۆکی هەواڵ و بەرهەمی میدیایی بۆ بینەرێکی جیهانی و فرە زمان دەگێڕێ (أحلام، 2023)، هەربۆیە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری وەرگێڕانی میدیادا کوالیتی لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانی لە کەناڵە هەواڵییەکان و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان باشتر کردووە، لەهەمان کاتدا ڕۆڵی گرنگی لە ئاستی تێگەیشتنی نێوان کەلتوورەکان گێڕاوە (معن، 2024) .

بۆ نموونە ئامرازەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی وەک گووگڵ ترانسلێت ( Google Translate) و دیپل (DeepL) توانیویانە بە وردی مامەڵە لەگەڵ جیاوازییە زمانەوانی و دەربڕینییەکان بکەن، بەڵام لە چوارچێوەی کەلتووری ئاڵۆزەکاندا هێشتا پێویستی بە وردبینیەکی زیاتر هەیە، چونکە هێشتا ئەم تەکنەلۆژیایانە هەر ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە دەبێتەوە کە پەیوەندییان بە لایەنی زمانەوانی و تێگەیشتن لە مانا ناڕاستەوخۆکان لە دەقە میدیایەکاندا هەیە، ئەم کێشەیە لە زمانی کوردی و شێوە زارەکاندا بەڕوونی دیارە و ڕۆژانە میدیاکاران بەرکەوتەیان لەگەڵدا دەبێ.

### 2.6 پشکنینی ڕاستییەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە

هەواڵی ساختە بووەتە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی سەردەمی دیجیتاڵی، بەو پێیەی ڕۆژانە ملیۆنان زانیاری ناڕاست و چەواشەکارانە بە شێوەی ئۆنلاین بڵاودەکرێنەوە، ئەوەش زۆرجار کاریگەری و مەترسی لەسەر دیموکراسی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەکان دروست دەکەن، بەڵام دامەزراوە میدیاییەکان دەتوانن سوودی زۆر لە تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد وەربگرن بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکان و بەرەنگاربوونەوەی زانیاری هەڵە و هەواڵی ساختە (کایا، 2025)، چونکە ئەلگۆریتمی ژیریی دەستکرد دەتوانێت بە خێرایی داتا و زانیارییەکان شی بکات و زانیاری هەڵە یان هەواڵی ساختە و چەواشەکەر بناسێتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو نەخشانەی کە ئاماژەن بۆ بوونی هەواڵی ساختە.

هەربۆیە دامەزراوە میدیاییەکان بە ڕێگە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، دەتوانن هەواڵی ساختە لە کەمترین ماوەدا دەستنیشان بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی بەراوردکردنی بە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازی متمانەپێکراو، لەهەمان کاتدا ژیریی دەستکرد لە ڕێگەی ئامرازە پێشکەوتووەکان دەتوانێ بۆ پشتڕاستکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ گوماناوییەکان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستییان سودیان لێ وەربگیرێ (العزاوي، 2021. 89)، لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێ ڕێژەی هەواڵی ساختە کەمبکرێتەوە و، متمانەی گشتییش بە سەرچاوە میدیاییە باوەڕپێکراوەکان زیاتر بەرز بکاتەوە بەتایبەت لە ناوچە هەستیارەکان و، ئەوانەی پڕن لە ململانێی جۆراوجۆر و لە دۆخێکی ئاڵۆزدان، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان، کە زۆربەی زۆری میدیاکار و دامەزراوە میدیاییەکان دابەش بوون بەسەر پارت و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکان، لێرەدا میدیاکار و دامەزراوە میدیاییەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم وێبسایتانەوە snopes.com, fotoforensics.com, nestyusa.org ,tineye.co و چەندانی دیکە هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆی ساختەی پێ بناسرێنەوە.

### 2.7 بەکارهێنانی چاتبۆت (Chatbots) لە ڕۆژنامەگەری و دیجیتاڵ میدیادا

چاتبۆتەکان بریتین لە بەرنامەی ژیریی دەستکرد کە بۆ هاوشێوەکردنی گفتوگۆی مرۆڤەکان و وەڵامدانەوەی ئۆتۆماتیکی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی بەکارهێنەر دارێژراون. لە بواری ڕۆژنامەگەری و میدیای دیجیتاڵیدا، ئاژانسە دیار و گەورەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەوانی پشت بە چاتبۆت دەبەستن بۆ گەیاندنی هەواڵی خێرا و نوێ بە بەکارهێنەرانیان، ئەوەش لە ڕێگەی ئەپەکانی وەک فەیسبووک ماسنجەر (Facebook Messenger)، واتسئەپ (WhatsApp)، تێلێگرام (Telegram) و...هتد، بۆ نموونە: ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ( The Washington Post) و ، کە ناڵی سی ئێن ئێن (CNN) و (BBC) چاتبۆت بۆ گەیاندنی هەواڵی گرنگ و ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنەرانیان بەکار دەهێنن ( & Veglis Maniou, 2019)، ئەوە یارمەتیی بەکارهێنەرانیش دەدات ئەو هەواڵ و بابەتانە هەڵبژێرن، کە ئارەزووی دەکەن تا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێشکەشیان بکرێت، هەروەها بەکارهێنەران کاتێک کارلێک لەگەڵ بابەتەکان دەکەن دەتوانن داوای وردەکاری زیاتر بکەن، ئەم خشتەیەی خوارەوە بەشێک لەو دامەزراوە میدیاییانە پیشان دەدات، کە چاتبۆت بەکاردەهێنن:

خشتەی (1) بەکارهێنانی چاتبۆت لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکان پیشان دەدات

| ژ | چاتبۆت | دامەزراوەی میدیایی | ئەرکەکەی |
|---|---|---|---|
| 1 | سی ئێن ئێن بۆت | CNN | ڕەوانەکردنی هەواڵی بەپەلە لە ڕێگەی Facebook Messenger |
| 2 | بی بی سی نیوز بۆت | BBC | پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە بەکارهێنەران |
| 3 | کوارتز بۆت | Quartz | پێشکەشکردنی هەواڵ بەشێوەیەکی کارلێکەرانە |
| 4 | ڕۆژنامەی واڵ ستریت بۆت | WSJ | ڕەوانەکردنی گۆڕانکاری بازاڕە دارایییەکان لە ڕێگەی Telegram وFacebook |
| 5 | ڕۆیتەرز نیوز ترایسەر | Reuters | شیکاری هەواڵە خێراکان و متمانەپێکردن |

هەموو ئەمانەش وایکردوە چاتبۆت ببێتە بەشێکی گرنگ لە داهاتووی میدیایی دیجیتاڵی و، باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و بەرزکردنەوەی ئەزموونی هەواڵی کارلێککارانە، چونکە چاتبۆت هەواڵی تایبەتمەند بە پشتبەستن بە ئارەزووی بەکارهێنەران دابین دەکات، هەروەها یارمەتی میدیاکاران دەدات بەدواداچوون بۆ ڕای گشتی بکەن، هەروەها کۆمپانیا و ئەوانەی کاروباری بازرگانی دەکەن سوود لە تایبەتمەندییەکانی چاتبۆت وەردەگرن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و وەڵامدانەوەی پرسیار و داخوازییەکانی کڕیاران، بۆ نموونە لە بواری مارکێتینگ بەشەکانی میدیا و مارکێتینگ لە کۆمپانیا و دامەزراوە جیاکاندا دەتوانن چاتبۆت (Chatbots) بۆ شیکردنەوەی پرسیارەکانی کڕیار و پێشکەشکردنی وەڵامی ورد و دەستبەجێ بەکار بهێنن، ئەمەش ڕەزامەندی بەکارهێنەر زیاتر دەکات و ئەزموونی کارلێککردن باشتر دەکات، ئەم جۆرەیان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیا بەتایبەت کۆمپانیاکانی بواری خانوبەرە لە پەرەسەندندایە

### 2.8 شیکاری داتا گەورەکان و زانیارییە زۆرەکان

ژیریی دەستکرد بووەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ شیکردنەوە و باشتر تێگەیشتن لە داتا گەورەکان و زانیارییە بەدەستهاتووە زۆرەکان، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر باشتر تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بەکارهێنەر و باشترکردنی کوالیتی ناوەڕۆک لە بوارە جیاوازەکانی میدیادا هەیە، بۆ نموونە، پلاتفۆرمەکانی وەک (Netflix، YouTube و، Spotify) سیستەمی (AI) بۆ شیکردنەوەی مێژووی بینین و گوێگرتنی بەکارهێنەران لە بەرهەمەکانیان بەکاردەهێنن، ئەوەش ڕێگەیان پێدەدات لەسەر بنەمای کارەکانی ڕابردوو، بەرهەمی باشتریان پێشکەش بکەن (المطيري، 2022). لەلایەکی دیکەوە هەر بە سوود وەرگرتن لە ژیریی دەستکرد دامەزراوە میدیاییەکان دەتوانن ئەو بابەت و بەرهەمە میدیایانە دیاری بکەن، کە زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەری سەرقاڵ کردوە، هەروەها ئەو داتایانەش شی بکەنەوە، کە باشترین کاتەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان و باشترین ئامراز بۆ گەیشتن بە بەکارهێنەران کامانەن (APOSTOL, 2024). لەلایەکی دیکەوە (AI) یارمەتی کەناڵەکانی میدیا دەدات پێداچوونەوە بە پۆستەکانیان لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و میدیای دیجیتاڵی بکەن و، شیکاری بۆ هەست و ئارەزووەکانی بەکارهێنەران بە وردی بکەن، دواتریش لەسەر ئەو بنەمایە هەڵمەتی میدیایی دەست پێ بکەن و ڕای گشتی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ئاراستە بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیاکانی وەک (IBM Watson و، Google Cloud NLP) بۆ شیکردنەوەی هەزاران پۆست لە ماوەیەکی کورتدا (Valor, 2025)، لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ژیریی دەستکرد دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە شیکردنەوەی داتا گەورەکان لە میدیا بگێڕێت بۆ باشتر تێگەیشتن لە بەکارهێنەرانی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیای دیجیتاڵی و پێشکەشکردنی بەرهەمی کوالێتی باشتر و سەرنجڕاکێشتر و پەیوەندیدارتر.

### 2.9 بڵاوکردنەوەی بەرهەمە میدیا لەسەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەشێوەیەکی خۆکرد

تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد شۆڕشێکی گەورەی بەرپا کردووە و، بۆتە ئامرازێکی بەهێز لە میدیای دیجیتاڵیدا، بەتایبەت لە باشترکردن و خێرایی بەرهەمهێنانی هەواڵ بە تێچوویەکی کەمتر، ئەوەش پشت بە شیکردنەوەی داتا گەورەکان دەبەستن، پاشان دووبارە زانیارییەکان لەسەر بنەمای هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی دادەڕێژنەوە، بۆ نموونە (GPT (Generative Pre-trained Transformer، بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی هەواڵ هاوشێوەی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان دەینووسن بەکاردێت، بۆ ئەو مەبەستە سیستەمەکە داتاکان لە چەندین سەرچاوەی جیا وەردەگرێ و، دواتر شیان دەکەنەوە و هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ بەرهەم دەهێنن، دیارترین نموونەکانیش بریتین لە ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێس (AP)، کە ئەلگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنێ بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرت، کەمکردنەوەی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتانە بە دەستی دەنوسرێن (Caswell, 2023)، هەروەها ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست سیستەمێکی بەناوی هێلیۆگراف (Heliograf)ی پەرەپێدا، کە بەرنامەیەکە لەسەر بنەمای ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی ڕاپۆرتی هەواڵی کورت لەسەر ڕووداوە وەرزشی و سیاسییەکان، لەلایەکی دیکەوە ئاژانسی ڕۆیتەرز پشت بە سیستەمێک دەبەستێ کە پێی دەوترێت لینکس ئینسایت (Lynx Insight)، ئەوەش بەهەمان شێوە یارمەتی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران دەدات داتاکان شی بکەنەوە و هەواڵەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دروست بکەن (المطيري، 2022)، بەڵام دیارترین ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەو دەق و تێکستە ئۆتۆماتیکیانەی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکان دەبنەوە، بریتیە لە نەبوونی شێوازی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند و لاوازی هەستی مرۆیی.

## 3. خستنەڕووی ئەنجامی داتا بەدەستهاتووەکان

### 3.1 ئاستی شارەزایی و تێڕوانینی میدیاکاران بەرامبەر ژیریی دەستکرد

بۆ تێگەیشتن لە ئاستی شارەزایی و تێڕوانینی میدیاکاران بەرامبەر بە ژیریی دەستکرد (AI) پشت بە بە ڕێژە و ئاماری وەسفی، وەک مامناوەند (Mean) و لادانی

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp112-123

پێـوەری (Standard Deviation)، بەسـتزا، ئەنجـامەکەی لە خشـتەی (2) خراوەتەڕوو

خشتەی (2) ئاستی شارەزایی و تێڕوانینی میدیاکاران بەرامبەر ژیریی دەستکرد (AI) پیشان دەدات

| پرسیار | بژاردەی باڵا | ڕێژە(%) | Mean | Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی شارەزاییم لە بواری "ژیریی دەستکردAI) ") بەرزە | هاوڕام | 47.3 | 3.18 | 1.107 |
| بە ئاسانی دەتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان چەمکەکانی ژیریی دەستکرد | هاوڕام | 49.1 | 3.47 | 1.016 |
| پێم وایە ژیریی دەستکرد زیاتر دەرفەتە بۆ کاری میدیایی وەک لەوەی هەڕەشە بێت. | هاوڕام | 45.5 | 3.45 | 1.230 |
| زیاتر لە چ ڕێگەیەکەوە زانیاری دەربارەی ژیریی دەستکرد بەدەست دەهێنیت؟ | سۆشیال میدیا و بلۆگەکان | 34.5 | 2.69 | 1.597 |
| بەزۆری ئاشنایەتیت لەگەڵ کام لەم ئامرازە بەناوبانگانەی ژیریی دەستکرد هەیە؟ | ChatGPT | 52.7 | 3.36 | 3.117 |
| ئایا بەشداربوویت لە هەر خولێکی ڕاهێنان...؟ | نەخێر، بەڵام بەنیازیم | 47.3 | 2.09 | 0.727 |
| پێم وایە گەورەترین ئاستەنگی ئیتیکی (ئاکاری) لە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە میدیادا چییە؟ | دروستکردنی هەواڵی ساختە و چەواشەکاری | 54.5 | 2.05 | 0.756 |
| بە ڕای تۆ، کام لەم کارامەییانە لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا گرنگتر دەبن بۆ میدیاکاران؟ | تێگەیشتن لە ئیتیکی میدیایی | 41.8 | 2.05 | 0.756 |
| **ئاستی گشتی شارەزایی میدیاکاران لە ژیریی دەستکرد (AI)** | | **100.0** | **22.44** | **4.013** |

وەک ئەوەی لە خشتەی (3) خراوەتەڕوو، ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن نزیکەی نیوەی میدیاکارانی یەکەی توێژینەوەکە (47.3% هاوڕان و 5.5% بەتەواوەتی هاوڕان) خۆیان بە خاوەنی ئاستێکی باشی شارەزایی لە بواری (AI) دەزانن، بەڵام ڕێژەی (32.8%) واتا (7.3% بەهیچ شێوەیەک هاوڕا نین و 25.5% هاوڕا نین) ئاستی شارەزایی خۆیان بە نزم دەزانن، هاوکات ڕێژەی (14.5%) یش نازانن شارەزاییان لە چ ئاستێکدایە، بە گشتی ئاستی شارەزایی بریتیە لە (3.18) واتا لەنێوان ئاستی مامناوەند و باش دایە. ئەمەش دەریدەخات کە هێشتا بوارێکی فراوان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی گشتی لەم بوارەدا. هەر لە خشتەی (3) دا دەرکەوتووە زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوەکە بەڕێژەی (49.1% هاوڕان و 10.9% بەتەواوەتی هاوڕان) بە ئاسانی دەتوانن جیاوازی لەنێوان چەمکەکانی (AI) بکەن. تەنها ڕێژەی (20%) بەجۆرێک ڕێژەی (3.6% بەهیچ شێوەیەک هاوڕا نین و 16.4% هاوڕا نین) ناتوانن ئەم جیاوازییە بکەن، هاوکات ڕێژەی (20%) یش نازانن جیاوازییەکە بکەن، ئەنجامی گشتی بە تێکڕای (3.47) نیشانی دەدات تێگەیشتنی باش لەبارەی چەمکەکان هەیە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو توانای جیاکردنەوە و جیاوازی نێوان چەمکەکانیان نییە یان نازانن، ئەوەش پێویستی بە ڕاهێنانی زیاتر هەیە.

لەلایەکی دیکەی خشتەکەدا دەرکەوتووە زۆرینەیەکی بەرچاو لە یەکەکانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (45.5% هاوڕام و 18.2% بەتەواوەتی هاوڕان) پێیان وایە (AI) زیاتر دەرفەتە بۆ کاری میدیایی وەک لەوەی هەڕەشە بێت، لە بەرانبەردا ڕێژەی (29.1%) واتا (7.3% بەهیچ شێوەیەک هاوڕا نیم و 21.8% هاوڕا نیم) ژیرەکی دەستکرد بە هەڕەشەی دەزانن و، ڕێژەی 7.3%یش نازانن دەرفەتە یان هەڕەشەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بە نمرەی (3.45) پشتگیری تێڕوانینە ئەرێنییەکان دەکەن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی میدیاکاران (AI) وەک ئامراز و دەرفەتێک بۆ باشترکردنی کارەکانیان دەبینێت. بەشێکی دیکەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (3) تەرخانکراوە بۆ سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ژیریی دەستکرد، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە دیارترین سەرچاوەکانی زانیاری میدیاکاران لەبارەی (AI)بریتیە لە "سۆشیال میدیا و بلۆگەکان" بە ڕێژەی (34.5%) و "خوێندنەوەی هەواڵ و وتاری تایبەتمەند" بەڕێژەی (29.1%)، لەگەڵ "هاوکاران لە شوێنی کار" بەڕێژەی (27.3%)، بەڵام دەرکەوتووە "سەرچاوەی ئەکادیمی و زانکۆیی" بەڕێژەی (9.1%) کەمترین ڕۆڵی هەبووە، واتا تێکڕا بە نمرەی (2.69) زۆرینەی میدیاکاران لە ڕێگەی سەرچاوە نافەرمی و سادەکانەوە زانیاری لەبارەی (AI) وەردەگرن، نەک سەرچاوە ئەکادیمییەکان. ئەمەش ئاماژەیەکە و بۆ پێویستی بە چڕکردنەوەی پەیوەندی نێوان ناوەندە ئەکادیمی و دامەزراوە میدیاییەکان و میدیاکاران هەیە.

هەر لە ئەنجامەکانی خشتەی (3) دا دەرکەوتووە "ChatGPT" بەڕێژەی (52.7 %) دیارترین ئامرازە، کە میدیاکاران ئاشناییان لەگەڵیدا هەیە، هەروەها "Deepseek"بەڕێژەی (14.5%) پلەی دووەمی گرتووە ،لەکاتێکدا "Google "Bardو "ئامرازەکانی مۆنتاژی زیرەک" ڕێژەیەکی کەمیان هەیە (3.6% بۆ هەریەکەیان)، بەڵام ڕێژەی (9.1%)ی میدیاکاران هیچ ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ هیچ کام لە ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد نییە. بە تێکڕای نمرەی) 3.36) لەگەڵ لادانی پێوەری (Standard Deviation) بە نمرەی (3.117)، کە زۆر بەرزە (نیشانەی جیاوازییەکی زۆرە لە ئاشنایی بە ئامرازە جیاوازەکاندا، و سەرکەوتنی (ChatGPT نیشان دەدات. خشتەکە نیشانی داوە زۆرینەی میدیاکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (47.3%) بەنیازن لە خولەکانی ڕاهێنان (AI) بەشداری بکەن، بەڵام هێشتا بەشدارییان نەکردووە، هاوکات ڕێژەی (30.9%)یان بەشدارییان کردووە،

ئەوە لەکاتێکدا ڕێژەی (21.8%) نەک هەر بەشدارییان نەکردووە، بەڵکو بەنیازی بەشداریکردنیش نین، بە گشتی نمرەی) 2.09) و لادانی پێوەری Standard) (Deviationبەنمرەی (0.727) نیشانی دەدات کە نزمە (واتا لەگەڵ ئەوەی خواستی زۆر هەیە بۆ ڕاهێنان، بەڵام هێشتا ئاستەکە نزمە و نەگۆڕاوە بۆ کرداری بەشداریکردن. ئەمەش پێویستی بە دەستپێشخەری زیاتر هەیە بۆ دابینکردنی خولی ڕاهێنانی گونجاو .(لەبارەی گەورەترین ئاستەنگی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بواری میدیادا دەرکەوتوە "دروستکردنی هەواڵی ساختە و چەواشەکاری" بە ڕێژەی (54.5%) گەورەترین ئاستەنگی ئیتیکی دادەنرێت. دواتر "دزین و مافی کۆپیکردن" بە ڕێژەی (21.8%) و "کەمبوونەوەی هەلی کار بۆ مرۆڤ" بەڕێژەی (20%) دێن، بەڵام "لایەنگریی ئەلگۆریتمەکان "(Bias) بە ڕێژەی (3.6%) کەمترین ئاستەنگ دانراوە. تێکڕای بابەتەکە بەنمرەی (2.05) نیشانەی دەدات نیگەرانی سەرەکیی میدیاکاران دەربارەی کاریگەری (AI) لەسەر ڕاستگۆیی و متمانەی میدیایی هەیە. لەو چوارچێوەیەشدا بەڕێژەی (41.8%) دەرکەوتووە تێگەیشتن لە ئیتیکی میدیایی" بە گرنگترین کارامەیی دادەنرێت، هاوکات "بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە و وردبینی" و "کارامەیی "داڕشتنی فەرمانەکان" بەڕێژەی (29.1% بۆ هەریەکەیان) هاتووە، بە تێکڕای نمرەی (2.05) دەرکەوتووە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە میدیاکاران لەم قۆناغەدا ز یاتر بایەخ بە لایەنە ئیتیکییەکان و وردبینی لە کارەکانیاندا دەدەن، هاوکات داڕشتنی فەرمانەکان (Prompt Engineering) بەڕێژەی (29.1%) نیشانەی هاوسەنگییەکە لە نێوان توانای مرۆیی (بیرکردنەوەی ڕەخنەیی) و توانای تەکنیکی (Prompt Engineering) کە میدیاکاران بە گرنگیان دەزانن. ئەمە دەتوانێت ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێک بێت کە(AI) دەبێتە هاوکار، نەک جێگرەوە و، میدیاکاریش پێویستی بە هەردوو جۆرە کارامەییەکە هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاری میدیایی.

### 3.2 بەکارهێنانی (AI) لە کاری میدیایی بەشێوەیەکی کرداری

لەلایەکی دیکەوە بۆ زانینی لە ڕادەی بەکارهێنانی و پشت بەستنی میدیاکاران بە ژیریی دەستکرد (AI) لە توێژینەوەکەدا پشت بە ڕێژە و ئاماری وەسفی، وەک مامناوەند (Mean) و لادانی پێوەری(Standard Deviation) ، بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان بەسترا، ئەنجامەکەی لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو.

بەشێوە کرداری لە کاری میدیاییدا لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات (AI) خشتەی (3) ئاستی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد

| پرسیار | بژاردەی باڵا | ڕێژە (%) | Mean | Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد لە کارە ڕۆژنامەوانییەکانمدا بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 45.5 | 2.85 | 1.044 |
| ژیریی دەستکرد بۆ دۆزینەوەی بیرۆکە و نووسینی ڕەشنووسی بابەت بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 36.4 | 2.69 | 1.052 |
| ژیریی دەستکرد بۆ وەرگێڕانی دەق بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 38.2 | 3.13 | 1.203 |
| ژیریی دەستکرد بۆ پوختکردنەوەی ڕاپۆرت و وتارە درێژەکان بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 36.4 | 2.55 | 1.102 |
| ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی وێنە و گرافیک بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 36.4 | 2.53 | 1.069 |
| ژیریی دەستکرد بۆ شیکردنەوەی داتای بینەران بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 47.3 | 2.49 | 0.940 |
| ژیریی دەستکرد بۆ یارمەتیدان لە مۆنتاژی ڤیدیۆ و دەنگ بەکاردەهێنم. | هەرگیز | 41.8 | 2.00 | 1.072 |
| ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد بۆ "پشتڕاستکردنەوەی زانیاری (Fact-checking) "بەکاردەهێنم. | هەندێک جار | 32.7 | 2.67 | 1.233 |
| بۆ دروستکردنی سەردێڕی سەرنجڕاکێش، پشت بە ژیریی دەستکرد دەبەستم. | هەرگیز | 36.4 | 2.15 | 1.044 |
| لە بواری بەبازاڕکردنی دیجیتاڵی (Digital Marketing) بۆ گەیاندنی ناوەڕۆک، سوود لە ژیریی دەستکرد وەردەگرم. | هەندێک جار | 32.7 | 2.35 | 1.040 |
| بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر خێرایی و کارامەیی کارەکانم هەبووە. | هاوڕام | 43.6 | 3.20 | 1.208 |
| دامەزراوە میدیاییەکەم هانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد دەدات. | هاوڕا نیم | 29.1 | 2.95 | 1.161 |
| باوەڕێکی زۆرم بە کوالیتیی ئەو ناوەڕۆکە هەیە کە لەلایەن ژیریی دەستکردەوە بەرهەم دێت. | هاوڕا نیم | 38.2 | 2.73 | 0.990 |
| **ئەنجامی گشتی ئاستی بەکارهێنانی کرداریی ژیریی دەستکرد (AI) لە کاری میدیایی** | | 100.0 | 31.55 | 9.273 |

بە پشتبەستن بە داتاکانی خشتەی (4)، چەند ئەنجامێکی سەرەکی سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد (AI) لەلایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە. تێکڕای بەکارهێنانی کرداریی (AI) دەگاتە (31. 55)، لەگەڵ لادانی پێوەری (9.27326) ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئاستی بەکارهێنانی (AI) بەشێوەیەکی کرداری لە بواری میدیایی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن میدیاکاران مامناوەند بۆ خوار مامناوەندە، واتا بە شێوەیەکی گشتی، میدیاکاران بە تەواوەتی سوود لە هەموو ئەو بوارانە وەرناگرن کە (AI) دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کاری میدیاییدا. وەک لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، بەکارهێنانەکان زیاتر لە بوارە بنەڕەتییەکانی وەرگێڕان، پوختکردنەوە و دۆزینەوەی بیرۆکەدایە، بەڵام کەمتر لە شیکردنەوەی داتا، دروستکردنی ڤیدیۆ و دەنگ، یان پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکاندایە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئامرازەکانی (AI) هێشتا بە تەواوەتی لە بواری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا بەکارنەهێنراوە.

جگە لەوەش لادانی پێوەری بە نمرەی (9.27326) ئەوە دەردەخات جیاوازییەکی زۆر لە نێوان میدیاکاران لە چۆنیەتی و ڕادەی بەکارهێنانی (AI) دا هەیە، ئەمە واتای ئەوەیە لەوانەیە هەندێک میدیاکار بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە (AI) بەکاربهێنن، لە کاتێکدا زۆرینە هێشتا بەکارهێنانێکی سنوردار یان نارێکخراویان هەیە. ئەم بڵاوبوونەوەیە دەکرێت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بێت، وەک جیاوازی لە شارەزایی تاکەکەسی، ئاستی ڕاهێنان، جۆری دامەزراوەکە، یان تێگەیشتنی جیاواز لەسەر سوودەکانی (AI) ، جگە لەوەش کەمیی شارەزایی گشتی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر توانای بەکارهێنانی کرداریی (AI) هەیە. ئەگەر میدیاکاران شارەزاییەکی قووڵیان نەبێت، ئەوا ناتوانن بە شێوەیەکی کارا و بەربڵاو تەکنەلۆژیاکە لە کارەکانیاندا جێبەجێ بکەن. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی، ئاستی بەکارهێنانی کرداریی (AI) لە میدیای هەرێمی کوردستان هێشتا لە قۆناغی گەشەکردندایە و پێویستی بە پشتگیری و پەرەپێدانی زیاتر هەیە.

## 3.3 تێگەیشتنی ڕەخنەیی و لایەنە ئیتیکییەکان

هاوکات بۆ ڕادەی تێگەیشتنی ڕەخنەیی و لایەنە ئیتیکییەکانی ژیریی دەستکرد (AI) لەلایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان توێژینەوەکە پشتی بە ڕێژە و ئاماری وەسفی، وەک مامناوەند (Mean) و لادانی پێوەری (Standard Deviation)، بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان بەسترا، ئەنجامەکەی لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو

خشتەی (4) ڕادەی تێگەیشتنی ڕەخنەیی و لایەنە ئیتیکییەکانی ژیریی دەستکرد (AI) لەلایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان پیشان دەدات

| پرسیار | بژاردەی باڵا | ڕێژە(%) | Mean | Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| نیگەرانم لەبارەی بڵاوبوونەوەی "زانیاریی چەواشەکارانە" و "دیپفەیک "لە ڕێگەی AIـەوە. | هەمیشە | 49.1 | 4.35 | 0.726 |
| لە کاتی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەشێکی بە ژیریی دەستکرد دروستکراوە. | هەمیشە | 47.3 | 4.20 | 0.931 |
| توانایەکی باشم هەیە لە ناسینەوەی ئەو ناوەڕۆقەی (وێنە یان دەق) بە ژیریی دەستکرد دروست کراوە. | زۆربەی کات | 43.6 | 3.71 | 0.832 |
| دامەزراوەکەم ڕێنمایی و یاسای ڕوونی هەیە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد. | هاوڕام | 30.9 | 2.96 | 1.217 |
| پێم وایە ژیریی دەستکرد ناتوانێت جێگەی ڕۆڵی بنەڕەتی مرۆڤ (وەک سەرنووسەر) بگرێتەوە. | زۆربەی کات | 32.7 | 3.53 | 1.345 |
| پێم وایە ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد لایەنگری(Bias) ی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ڕەگەزییان تێدایە. | هەندێک جار | 43.6 | 3.42 | 0.975 |
| **ئەنجامی گشتی ڕادەی تێگەیشتنی ڕەخنەیی و لایەنە ئیتیکییەکانی ژیریی دەستکرد** | | **100.0** | **22.16** | **3.078** |

داتاکانی خشتەی (4)، کە پەیوەستە بە ڕادەی تێگەیشتنی ڕەخنەیی و لایەنە ئیتیکییەکانی ژیریی دەستکرد (AI) لەلایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، تیایدا چەند ئەنجامێکی زۆر گرنگ پیشان دەدەن. بە شێوەیەکی گشتی، نیگەرانییەکی زۆر بەرز لە ئارادایە سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی (AI)، بۆ نموونە ڕێژەیەکی بەرچاوی میدیاکاران (49.1% هەمیشە و 36.4% زۆربەی کات) نیگەرانن لەبارەی بڵاوبوونەوەی "زانیاریی چەواشەکارانە" و "دیپفەیک" لە ڕێگەی (AI) ـەوە، ئەمەش بەرزترین تێکڕای نیگەرانی (Mean=4.35) پیشان دەدات لەناو بڕگەکانی ئەم بەشەدا. ئەم نیگەرانییە بەرزە ڕەنگدانەوەی هەستیاریی میدیاکارانە بۆ پاراستنی ڕاستگۆیی و متمانەی گشتی و، دەری دەخات مەترسییە ئیتیکییەکانی (AI) بە جدی وەرگیراون.

لە وەڵامدا بۆ ئەم مەترسییانە، کۆدەنگییەکی بەرچاو سەبارەت بە پێویستیی ئاماژەدان بەو ناوەڕۆکانە هەیە کە بە (AI) دروست کراون. نزیکەی نیوەی یەکەکانی توێژینەوەکە (47.3% هەمیشە و 30.9% زۆربەی کات) پێیان وایە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەشێک لە ناوەڕۆکەکە بە ژیریی دەستکرد دروستکراوە، لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتووە نمرەی ناوەند بریتییە لە(Mean=4.20) ، ئەمە نیشانەی تێگەیشتنێکی قووڵە لە پرەنسیپی شەفافیەت لە ڕۆژنامەنووسیدا و هەوڵدانە بۆ ڕێگریکردن لە چەواشەکاریی خوێنەران یان بینەران و بیسەران، هەرچەندە؛ لەگەڵ ئەم داوایە بۆ شەفافیەت، میدیاکاران بەڕێژەی (43.6% زۆربەی کات و 16.4%

10.24086/cuejhss.v3n2y2025.pp112-123

هەمیشە) توانایەکی باشیشیان لە ناسینەوەی ئەو ناوەڕۆکانە هەیە، کە بە (AI) دروست کراون، ئەوەتا نمرەی ناوەندی بریتییە لە (Mean=3.71) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یەکەکانی توێژینەوەکە  خۆیان خاوەنی ئاستێک لە لێهاتوویی ڕەخنەیین بۆ جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤ-دروستکراو و (AI) دروستکراو.

لە لایەنی ئیتیکی و پرۆفیشناڵییەوە، زۆرینەی میدیاکاران (32.7% زۆربەی کات و 27.3% هەمیشە) پێیان وایە کە ژیریی دەستکرد ناتوانێت جێگەی ڕۆڵی بنەڕەتی مرۆڤ بۆ نموونە (سەرنووسەر) بگرێتەوە،  ناوەندی ئەم بڕگەیە بریتیە لە(Mean=3.53) ، ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر بایەخی مرۆڤ لە پیشەی میدیاییدا وەک بڕیاردەرێکی کۆتایی و پارێزەری پرەنسیپە ئەخلاقییەکان. سەرەڕای ئەمەش، نیگەرانییەکی بەرچاو سەبارەت بە "لایەنگریی ئەلگۆریتمەکان" بەڕێژەی (43.6%)ی (هەندێک جار) هەیە، کە پێیان وایە ئامرازەکانی (AI) لایەنگری سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ڕەگەزییان تێدایە ناوەندی ئەم بڕگەیە (Mean=3.42)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لەو ئاستەنگە ئیتیکییانەی کە لە بنیاتنانی ئەلگۆریتمەکاندا هەن و پێویستی بە چاودێری و ڕێکخستنی زیاترە. لە کۆتاییدا، داتاکان دەریانخستووە کە دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدان لە داڕشتنی ڕێنمایی و یاسای ڕوون بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی (AI) ، چونکە تەنها ڕێژەی (30.9%) ی بەشداربووان هاوڕان کە دامەزراوەکانیان ڕێنمایی ڕوونیان هەیە (Mean=2.96)، لە کاتێکدا ڕێژەی (29.1%) هاوڕا نین و ڕێژەی (21.8%) نازانن. ئەمە بۆشاییەکی گەورە لە چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخستنی کاروباری میدیایی لە بواری (AI) لە بواری میدیادا پشان دەدات، کەواتە بە گشتی، میدیاکارانی هەرێمی کوردستان هۆشیارن بە لایەنە ئیتیکی و ڕەخنەییەکانی (AI) ، بەجۆرێک تێکڕای تێگەیشتنەکەیان گەیشۆتە (22.1636)، واتا ئاستی تێگەیشتنی ڕەخنەیی و ئیتیکی لەلایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستانەوە، ماماوەند بۆ ماماوەندێکی باشە، ئەمە خاڵێکی بەهێزە چونکە پیشەی میدیایی بە متمانە و ڕاستگۆییەوە پابەندە، بەڵام نەبوونی ڕێنمایی و یاسای ڕوون لە ئاستی دامەزراوەیدا بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی ((AI، دەتوانێت ببێتە ئاستەنگ، هەروەها لادانی پێوەری بە نمرەی (3.07778)، نیشانەی ئەوەیە کە جیاوازییەکی ماماوەند لە نێوان میدیاکاران لەم تێگەیشتنەدا هەیە، ئەوەش پێویستیی بە ڕاهێنانی ئیتیکی هەیە، کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە سەرجەم دامەزراوەکاندا جێبەجێ بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریی هەموو میدیاکاران، نەک تەنها ئەوانەی کە خۆیان زیرەکن لەم بوارەدا، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم هۆشیارییە بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت و ببێتە کردار، پێویستە دامەزراوە میدیاییەکان هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ داڕشتنی سیاسەت و ڕێنمایی ڕوون  و، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگانە، بەجۆرێک ئەو تێگەیشتنە تاکەکەسیانەی کە هەیە بکەنە چوارچێوەیەکی کارپێکراو و گشتگیر.

### 3.4 ڕوانگەی داهاتوو و  پەرەپێدانی شارەزایی

بەئامانجی زانینی پێداویستییەکانی پەرەپێدان و چاوەڕوانییەکان بۆ داهاتووی ژیریی دەستکرد (AI) لە میدیای هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان توێژینەوەکە هەنگاوێکی دیکەی زانستی ناوە و، بە پشتی بە ڕێژە و ئاماری وەسفی، وەک ماماوەند (Mean) و لادانی پێوەری ( Standard Deviation)، بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان، شیکردنەوەی بۆ ڕوانگەکە کرد و ئەنجامەکەی لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو.

خشتە (5) پێداویستییەکانی پەرەپێدان و چاوەڕوانییەکان بۆ داهاتووی ژیریی دەستکرد (AI) لە میدیای هەرێمی کوردستان  پیشان دەدات

| پرسیار | بژاردەی باڵا | ڕێژە (%) | Mean | Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|
| بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان تایبەت بە ژیریی دەستکرد بۆ کاری میدیایی زۆر پێویستە. | هەمیشە | 52.7 | 4.31 | 0.900 |
| بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە و وردبینی لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا گرنگتر دەبێت بۆ میدیاکاران. | زۆربەی کات | 41.8 | 4.13 | 0.883 |
| هەست دەکەم پێویستییەکی زۆرم بە پەرەپێدانی زیاتری شارەزایی خۆم هەیە لە بواری.AI | هاوڕام | 47.3 | 3.95 | 0.931 |
| پێویستە بابەتی "ژیریی دەستکرد و میدیا" وەک بابەتێکی سەرەکی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگەکاندا بخوێنرێت. | هەمیشە | 60.0 | 4.56 | 0.570 |
| پێشبینی دەکەم ژیریی دەستکرد لە 5 ساڵی داهاتوودا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پیشەکەمدا دروست بکات. | هاوڕام | 49.1 | 4.15 | 0.848 |
| **ئەنجامی گشتی ڕوانگەی داهاتوو و پەرەپێدانی شارەزایی لە هەرێمی کوردستان** | | **100.0** | **21.09** | **2.811** |

وەک ئەوەی لە خشتەی (5)دا خراوەتە ڕوو، کۆدەنگییەکی بەهێز لەسەر گرنگیی ڕاهێنان و فێرکردن لە بواری ژیریی دەستکرد  (AI) هەیە، بەتایبەتی ڕێژەی (52.7%)ی یەکەکانی توێژینەوەکە بە "هەمیشە" و، ڕێژەی (30.9%) بە "زۆربەی کات" پێیان وایە بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان تایبەت بە AI بۆ کاری میدیایی زۆر پێویستە، ناوەندەکەی بریتیە لە (Mean=4.31)  ئەمەش نیشانەی ئارەزوویەکی زۆرە بۆ فێربوون و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان، کە وەک ئامراز و کارتێکی بەهێز بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە سێکتەری میدیای هەرێمی کوردستاندا سەیر دەکرێت.

لەسەر هەمان ئاستی پێداویستی بە فێربوون، ڕێژەیەکی زۆر بەرزی میدیاکاران لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (60.0% هەمیشە و 34.5% زۆربەی کات) پێیان وایە پێویستە بابەتی "ژیریی دەستکرد و میدیا" وەک بابەتێکی سەرەکی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگەکاندا بخوێنرێت، ناوەندی ئەم بڕگەیە بریتیە لە

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp112-123

(Mean=4.56)ئەم تێڕوانینە؛ بەرزترین تێکڕای وەڵامە لەم خشتەیەدا، جەخت لەسەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی پێشوەختە دەکاتەوە و، ئاماژەشە بۆ ئەوەی فێرکردنی (AI) تەنها نابێت لە خولە خێراکاندا بێت، بەڵکو دەبێت لە قۆناغی خوێندنی باڵاشدا ڕەگبداتەوە. ئەمە دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی میدیاکاران کە لە سەرەتاوە ئاشنا و شارەزا بن لەم بوارەدا، بەمەش بۆشایی نێوان تەکنەلۆژیا و میدیا کەم دەکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە؛ لە کاتێکدا میدیاکارانی یەکەی توێژینەوەکە دان بە پێویستیی ڕاهێنان دەنێن، هەستێکی بەهێزیش هەیە کە پێویستییەکی زۆریان بە پەرەپێدانی زیاتری شارەزایی خۆیان هەیە لە بواری (AI) بەڕێژەی 47.3%)) هاوڕان و (23.6%) بە تەواوەتی هاوڕان، نمرەی ناوەندی ئەم بڕگەیە بریتیە لە Mean=3.95 ئەمە نیشانەی هۆشیارییەکی خودییە بۆ لاوازییەکان و ئارەزووویەک بۆ پەرەپێدانی بەردەوام. لەگەڵ ئەم هەستەدا، یەکەکانی توێژینەوەکە پێشیان وایە کە "بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە و وردبینی" لە سەردەمی(AI) ـدا گرنگتر دەبێت بۆیان ،ئەوەش بە ڕێژەی (41.8%) زۆربەی کات و (38.2%) هەمیشە، ناوەندەکەشی بریتیە لە (Mean=4.13 ئەم ئەنجامە زۆر لۆژیکییە و لەگەڵ ئەو نیگەرانییە زۆربەی پێشوودا دەگونجێت کە سەبارەت بە زانیاریی چەواشەکەرانە و دیپفەیک خرانەڕوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت میدیاکاران تەنها نایانەوێت تەکنەلۆژیاکە بەکاربهێنن، بەڵکو دەیانەوێت بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

لە کۆتاییدا، میدیاکارانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان لە داهاتووی پیشەکەیاندا هەیە بەهۆی( AI)ـەوە، بۆ نموونە ڕێژەی (49.1%) ی بەشداربووان "هاوڕان" و، ڕێژەی (23.6%) "بەتەواوەتی هاوڕان"، کە (AI) لە ماوەی (5) ساڵی داهاتوودا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دروست دەکات، ناوەندی ئەم بڕگەیە بریتیە لە (Mean=4.15) ئەم چاوەڕوانییە بەرزە پێویستی بە ئامادەکارییەکی گشتگیر و پێش وەختە لە هەردوو ئاستی تاکەکەسی و دامەزراوەیی هەیە. بە گشتی، ڕوانگەی داهاتوو و پێداویستییەکانی پەرەپێدانی شارەزایی ژیریی دەستکرد (AI) لەلایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، وێنەیەکی ڕوونمان پێدەدات سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو و ئامادەییەکان بە جۆرێک نمرەی ناوەندی گشتی تەوەرەکە گەیشتۆتە (21.0909)، لەگەڵ لادانی پێوەری کە بریتیە لە (2.81051) ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕوانگەی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان بۆ داهاتووی (AI) و پێداویستییەکانی پەرەپێدانی شارەزاییان، لە ئاستێکی مامناوەندی بەرزدایە و نموونەی توێژینەوەکە تێگەیشتنێکی قووڵیان بۆ کاریگەریی (AI) و پێداویستییەکانی گەشەکردن لەم بوارەدا هەیە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە پێویستی بە پاڵپشتیی دامەزراوەیی و چوارچێوەی ئەکادیمی هەیە بۆ ئەوەی بکرێتە کردەیی و گۆڕانکارییەکی ئیجابی و بەرپرسیارانە لە سێکتەری میدیای کوردستاندا دروست بکات.

## 4. ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

### 4.1 دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

نزیکەی نیوەی میدیاکاران لە شاری هەولێر خۆیان بە خاوەنی شارەزایی باش لە (AI)دەزانن و، بە ئاسانی دەتوانن جیاوازی لەنێوان چەمکەکانی (AI) بکەن.

ChatGPTدیارترین ئامرازیAI یە کە میدیاکاران ئاشنایيان پێی هەیە.

زۆرینەی میدیاکاران لە شاری هەولێر پێیان وایە (AI) زیاتر دەرفەتە بۆ کاری میدیایی نەک هەڕەشە، ئەمەش نیشانەی ئامادەییە بۆ گونجاندن و سوودوەرگرتن لە ژیری دەستکرد.

"سۆشیال میدیا و بلۆگەکان" و "خوێندنەوەی هەواڵ و وتاری تایبەتمەند" سەرچاوە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی زانیارین دەربارە (AI) ، لە کاتێکدا سەرچاوە ئەکادیمییەکان ڕۆڵێکی کەمتریان هەیە. ئەمە بۆشاییەک لە پەیوەندی نێوان ناوەندە ئەکادیمی و میدیاییەکاندا نیشان دەدات.

بەکارهێنانی (AI) لە کاری میدیاییدا لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کرداری لە ئاستی مامناوەند بۆ خوار مامناوەندە، بە تایبەت لە بوارەکانی وەرگێڕان، پوختکردنەوە و، دۆزینەوەی بیرۆکەدا چڕبووەتەوە.

بەکارهێنان لە بوارەکانی شیکردنەوەی داتا، دروستکردنی ڤیدیۆ و دەنگ، یان پشتڕاستکردنەوەی زانیاری (Fact-checking) کەمترە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە (AI) بە تەواوەتی بەکارنەهێنراوە.

نیگەرانییەکی زۆر بەرز لەبارەی بڵاوبوونەوەی "زانیاریی چەواشەکارانە" و "دیپفەیک" لە ڕێگەیAI)) ـەوە بەرێژەیەکی بەرز لای میدیاکارانی هەرێمی کوردستان هەیە.

کۆدەنگییەکی بەرچاو لەسەر پێویستیی ئاماژەدان بەو ناوەڕۆکانەی کە بە (AI) دروستکراون و، لەبواری ڕۆژنامەگەری و کاری میدیاییدا بەکار دەهێنرێن لای میدیاکاران هەیە .

میدیاکاران توانایەکی باشیان لە ناسینەوەی ئەو ناوەڕۆکانە هەیە کە بە (AI) دروستکراون.

دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان هێشتا ڕێنمایی و یاسای ڕوونیان بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی (AI) نییە (تەنها 30.9% هاوڕان کە دامەزراوەکانیان هەیانە)، ئەمەش بۆشاییەکی گەورە لە چوارچێوەی ڕێکخستنی ئەم بوارەدا نیشان دەدات.

زۆرینەی میدیاکاران پێیان وایە کە (AI) ناتوانێت جێگەی ڕۆڵی بنەڕەتی مرۆڤ لە کاری میدیاییدا بگرێتەوە، ئەمەش جەخت لەسەر بایەخی تواناکانی مرۆڤ وەک بڕیاردەر و پارێزەری پرەنسیپە ئەخلاقییەکان دەکاتەوە.

زۆرینەی میدیاکاران (47.3%) بەنیازن لە خولەکانی ڕاهێنانی (AI) بەشدار بن و خواستی زۆریان بۆ پەرەپێدانی شارەزایی خۆیان هەیە.

کۆدەنگییەکی بەهێزلەسەر پێویستیی خوێندنی بابەتی "ژیریی دەستکرد و میدیا" لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگەکاندا هەیە.

میدیاکاران بەرێژەی (49.1%) پێشبینی دەکەن (AI) لە 5 ساڵی داهاتوودا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پیشەی میدیاییدا دروست بکات .

زیرەکی دەستکرد ناتوانێ شوێنی میدیاکارە پرۆفیشناڵ و خاوەن ئەزموونەکان بگرێتەوە، بەڵکو دەرفەتێکی گرنگە بۆ هاوکاریکردنی ئەوانەی تازە دەست بە کاری میدیایی دەکەن، هەروەک یارمەتی میدیاکارانی خاوەن ئەزموون دەدات بۆ باشترکردنی کارەکانیان.

-هەرچەندە (AI) لە بواری وەرگێڕان و زمانەوانیدا پێشکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، بەڵام بۆ زمانی کوردی هێشتا بە تەواوەتی ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ، بەهۆی کەمیی دەوڵەمەندیی بە شێوەزار و چەمک و دەستەواژەی

10.24086/cuejhss.v3n2y2025.pp112-123

کوردی دروست.

### 4.2 پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەم پێشنیازانە دەخرێنەڕوو بۆ باشترکردنی سوودوەرگرتن لە ژیریی دەستکرد (AI) و پەرەپێدانی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان:

1. پەرلەمانی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بەکارهێنانی (AI) بە گشتی و لە بواری میدیادا بەتایبەتی دیاری بکەن، بۆ ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنان و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان و میدیاکاران.
2. پێشنیاز بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەماهەنگی و هاوکار لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی و تەکنەلۆژییەکان بکەن و، گرنگی زیاتر بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای (AI) و دەوڵەمەندکردنی بە زمانی کوردی بدەن، بەتایبەت لە بوارەکانی شێوەزار و چەمکە تایبەتەکان، بۆ ئەوەی (AI) بتوانێت بە وردی و کاریگەرییەکی زیاتر خزمەتی میدیای کوردی بکات.
3. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ڕێکخراوەکانی بواری ڕۆژنامەوانی (وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان) و دامەزراوە میدیاییەکان پێویستە خولی ڕاهێنانی بەردەوام و تایبەتمەند لە بوارە جۆراوجۆرەکانی (AI) بۆ میدیاکاران بکەنەوە، بەتایبەت لەسەر بەکارهێنانی کرداریی ئامرازە جیاوازەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە ئەخلاقییەکانیدا.
4. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێویستە هانی توێژەران لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان بدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستیی ئاستبەرز لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای(AI) ، بە تایبەت توێژینەوە لەسەر ئایندەی میدیا لەبەر ڕۆشنایی ژیریی دەستکرد.
5. بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت بابەتی تایبەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بۆ فێربوون و ڕاهێنانی فێرخوازان لە بوارەکانی (AI) و میدیادا زیاد بکەن، بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی میدیاکاران کە لە سەرەتاوە ئاشنا و شارەزا بن لەم بوارەدا.
6. دامەزراوە میدیاییەکان پێویستە ستراتیژییەکی گشتگیر بۆ جێگیرکردنی (AI)لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا دابنێن، بەتایبەت لە بوارەکانی شیکردنەوەی داتای بینەران، دروستکردنی ڤیدیۆ و دەنگ و پشتڕاستکردنەوەی زانیاری .(Fact-checking)
7. پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بایەخێکی زیاتر بە سیستمی (AI) بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە و شیکاریکردنی ڕاستیی و دروستیی هەواڵ و زانیارییەکان لە کەمترین ماوەدا.
8. سەندیکا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەری و میدیا پێویستە ئاکاری پیشەیی (Ethical Guidelines) تایبەت بە بەکارهێنانی (AI) دەربکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەکارهێنانی بەرپرسیارانە و ڕاستگۆیانەی ئەم تەکنەلۆژیایە.

### 4.3 ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم ڕاسپاردانە دەخرێنەڕوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بوارە جیاوازەکانی ژیریی دەستکرد (AI) بە تایبەت لە بواری میدیادا:
ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە سوودوەرگرتن لە ژیریی دەستکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە لە میدیای کوردی.
ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر چۆنیەتی و ڕادەی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی میدیای کوردی و شیکردنەوەی داتا زۆرەکان، لەگەڵ تیشک خستنە سەر ئاستەنگ و دەرفەتەکان.
ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ورد لەسەر ئاستەنگەکانی سیستمی وەرگێڕان بە ژیریی دەستکرد لە نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی تر لە بواری میدیاییدا، بە تایبەت سەرنج خستنە سەر وردی و دروستیی وەرگێڕانەکان.

## سەرچاوەکان


أحلام، صغور. (2023). رهانات الترجمة في العصر الرقمي Journal of . Languages and Translation. 163-173. (2) 3.

عبد الحميد، محمد. (٢٠٢٢). الذكاء الاصطناعي وتطبيقاته الصحفية، مصر: الوكالة العربية للعلاقات العامة.

العزاوي، سليم. (2021). تكنولوجيا الإعلام والتحقق من الأخبار في العصر الرقمي. بيروت: مركز دراسات الإعلام العربي.

محەمەد، نەوزاد سدیق و، سلێمان، کامل عمر. (٢٠٢١). هەواڵی ساختە لە سۆشیال میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستان. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٨(٣)، ١٣٣-١٥٠، Paper7

المطيري، الجوهرة. (٢٠٢٢). أدوات تحليل البيانات الضخمة على منصات التواصل الاجتماعي. متاح على الرابط. https://rs.ksu.edu.sa/ar/issue :تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/٢/٢٠).

معن، غادة. (٢٠٢٤). الذكاء الاصطناعي في الترجمة: تحديات وفرص المترجمين. متاح على الرابط: الذكاء الاصطناعي في الترجمة: تحديات وفرص المترجمين. تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/٢/٢٠).

Apostol, Ingrid & Prelipcean, Mihai & Bostanica, Elena & Munthiu, Maria-Cristiana. (2024). A Data-Driven Approach: Assessing the Relevance of AI Algorithms in Tailoring Personalised Content for Social Media Users. DOI: 10.24818/ICESS/2024/086

Caswell, David. (2023). AI and journalism: What's next? https://reutersinstitute.politics.ox.ac.uk/. Available from Accessed: 2.3.2025.

Couldry, N., & Hepp, A. (2017). The Mediated Construction of Reality. Polity Press.

Davis, W., (2024). ESPN's AI-generated sports recaps are

Ethical Concerns. Online, Available from https://blog.iese.edu/.Accessed: 2.3.2025.

Veglis, Andreas & Maniou, Theodora. (2019). Chatbots on the Rise: A New Narrative in Journalism. Studies in Media and Communication. 7. 1. DOI: 10.11114/smc.v7i1.3986

Zaidan, M. & Massoudi, A. (2025). The Impact of Technological and Economic Factors on Cybersecurity Management and MSEM Performance. Internext, International Business and Management Review, 20(3), e847. https://doi.org/10.18568/internext.v20i3.847

**Abstract**:

Artificial Intelligence (AI) has brought about significant transformations in the practice of media, ranging from data collection and content creation to news broadcasting and operational efficiency enhancement. This study, titled "Evaluating the Proficiency Level of Using Artificial Intelligence by Media Professionals in the Kurdistan Region: A Field Study in Erbil City" aims to assess the level of proficiency, practical application, and critical perceptions of media professionals regarding AI in Erbil city. This research employed a social survey combined with content analysis as methodology. The population pool of this research comprised all media professionals who work in media outlets in Erbil, with a sample size of 55 media professionals. It used questionnaires and subsequently analyzed using SPSS, employing descriptive statistics and ANOVA as techniques of data collection. The research reaches five main findings. To begin with, the overall proficiency level of media professionals is moderate; yet, there is a strong reception for training and skill development. Furthermore, the majority of the sample fund AI as an opportunity rather than a threat. However, the practical application of AI remains moderate and below-moderate level, particularly in areas such as translation and summarization. Significant concerns were raised regarding "fake news" and "deepfakes" facilitated by AI. Additionally, the results reveal that media organizations offer minimal degree of guidelines for AI usage. Another key finding is that media professionals aged between 27 and 36 demonstrate a higher positive engagement with AI compared to other age groups. The surveyed group also believes that AI cannot substitute for human element in the media; rather it can serve as an opportunity to improve and supplement that element. Lastly, it found that AI is still weak in translating the Kurdish language.

Keywords: Artificial intelligence, media, Digital media, Kurdish media, Kurdistan Region.

already missing the point, Online, Available from ESPN's AI-generated sports recaps are already missing the point | The Verge Accessed 18.2.2025.

Massoudi, A. H., Agha, A. M., & Zamoum, K. (2025). Bridging AI Marketing and Customer Loyalty. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 9(1), 106-113.

Hemin Amin Jalal Shwani, & Hunar M. Hussein. (2023). The Relationship of The Media to The Spread of Social Phenomena in Society – Suicidal Thoughts, For Example. Qalaai Zanist Scientific Journal, 8(3), 430–461. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.3.16

Jalal, H. A., & Hussein, H. M. (2024). The Role of Mass Media in Development Political Awareness: An Analytical Descriptive Study. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 8(2), 142–151. https://doi.org/10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp142-151

Jalal Shwani, H. A. (2025) "The Use of Media Hashtag (#) to Organize New Social Movements", Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 8(1), pp. 113–122. doi: 10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp113-122

Jalal, H. A. (2022). The Relation of Social Media to the Family Security: Divorce as a Model. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 6(2), 83–98. https://doi.org/10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp83-98\

Liu, X., Nourbakhsh, A., Li, Q., Shah, S., Martin, R., & Duprey, J. (2017). Reuters Tracer: Toward Automated News Production Using Large Scale Social Media Data, https://doi.org/10.48550/arXiv.1711.04068, Accessed 15.2.2025.

Massoudi, A. H., Fatah, S. J., & Jami, M. S. (2024). The Role of Artificial Intelligence Application in Strategic Marketing Decision-making Process. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 8(1), 34-39.

Stats Monkey. (2010). Intelligent Information Laboratory. Northwestern University. Online, Available from: Intelligent Information Laboratory @ Northwestern University - Projects - Stats Monkey Accessed 2.3.2025.

Super-resolution. (2025). Transforming low-quality images into high-definition masterpieces, Online, Available from Transforming low-quality images into high-definition masterpieces - Super resolution. Accessed 25.2.2025.

Valor, Josep. (2025). The Influence of AI in Media Transforming Creation, Consumption, but Generating